# ڕەنگ و شێوەی یادەوەری لای هونەرمەند

# "عەلی ڕەزا گەرمیانی"

نوسيني: گارا

شێوەکاری

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢٠

jineftin.krd

کولتووره بەهێزەکان هەمیشـە جەغت لەسـەر یادەوەری دەکەن و کردوویانە بە مەتریاڵێکی گرینگ بۆ ناوەڕۆکی کارە هونەری و فیکری و ئەدەبییەکانیان، کارکردنی هونەری شـێوەکاری لەسـەر بابەتی (یادەوەری) نۆسـتالجیا نییە، بەڵکوو توانای دروسـتکردنی هونەرێکی ڕەسـەنە کە پشـت بە مێژوو دەبەسـتێ، شـێوەییەکی نوێیە بۆ ناوەڕۆکێکی ڕابردوو، بەئێسـتاکردنی ڕووداوەکەیە وەکوو ئەوەی هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی لەم دوو پێشـانگایەیدا بە ڕەنگ و شـێوە و مەتریاڵی جۆراوجۆر نیشانیداوە.

لە ماوەیەکی کورتدا کە دوو مانگی نەخایاند هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی هەندێ لە یادەوەرییەکانی خۆی و میللەتەکەی لە دوو پێشـانگای هونەری جیاوازدا لە هەولێر نیشـان دا. لەبەر ئەوەی ئەم هونەرمەنـدە خۆی کەسـێکی نزیـک بووە لە ڕووداوەکـان بۆیە ئەشێ ئەم یـادەوەریـانە وەکوو یادەوەرییەکانی خۆی و میللەتەکەیشی ــ ببینرێ. هونەرمەند خۆی ژیانێکی زۆری لە گەرمیان بەسـەر بردووە، لە شارۆچکەی دووزخورماتوو لە ساڵی ١٩٨٠ لەدایکبووە و کاتەکانی منداڵی و هەرزەکاریشی ـ هەر لەوێ بەسەر بردووە بۆیە چ خۆی و چ خێزان و کەسوکاری لە نزیکەوە بەر ئەنفال و گوێزانەوەی زۆرەملێ و ماڵوێرانی و کۆمەڵکوژی خەڵکی ئەو ناوچەیە کەوتووە، هەندێ لە کەسوکار و خزمەکانیشی ـ بەشێ بوون لە قوربانییەکانی ڕووداوەکان، لەوانە خاڵ و میمک و چەندین کەسی دیکەی نزیکی، بەمجۆرە کۆی ئەو ڕووداوانەی لەسـەرەتای لەدایکبوونیەوە تاکوو جێهێشـتنی ئەو شـێوّنانە بوون بە بەشێکی گرینگ لە دونیای ئاگایی و نائاگاییکانی و لەم دوو پێشانگایەیدا ڕەنگیانداوەتەوە.




یەکێ لە پێشـانگاکان بە ناونیشـانی (بیرەوەرییەکانی لم Memory of Sand) بووکە هونەرمەند لە ١٠ تاکوو ٢١ی مانگی چواری ٢٠١٩ لە پەرلەمانی کوردســـتان نیشـــانی دا وەکوو بەشێ لە ئەتروحەی دکتۆراکەی کە لە زانکۆی (NCAD) لە وڵاتی ئیرلەندا لە شـــاری (دوبلن) ئامادەکاری بۆ دەکا، بۆیە هونەرمەند ئەم پێشـــانگایەی بە تیۆری و ســـەرچاوەی زانســـتی گرینگ دەوڵەمەند کردووە، لەوانە نووســـینەکانی چەند زانا و توێژەرێک کە لە بواری یادەوەریی و شـــوێن کاریان کردووە، وەکوو جان ئاسـمان Jan Assmann، پییێر نورا Pierre Nora و ماریانا هێرش Mariana Hirsch و کەسـانی دیکەش، ئەم توێژەرانە لەســـەر هەندێ بابەت وەکوو یادەوەریی تاک، یادەوەریی بەکۆمەڵ، تیۆری یادەوەری بە گشتی، تراوما و پۆست یادەوەری کاریان کردووە.[1] سەبارەت بە شوێنەکانی یادەوەریی پییێر نورا ئەو دۆخانە ڕووندەکاتەوە و پێیوایە کە ڕووداوێک یان شتێک دەبێت بێتە دی بۆ ئەوەی شوێنەکە وەکوو شـــوێنێکی یادەوەری دەســـتنیشـــان بکرێت، بەم جۆرە بە بۆچوونی نورا سێ شـــوێن هەن کە دەتوانرێ لەوێ بابەتەکانی یادەوەری پۆلێن بکرێن، لەوانە مۆزەخانە، ئەرشیف و گۆڕستان(....) بە ڕای نورا یادەوەری پێویســـتی بە ئاماژەدان بە شـــوێنی ڕاســـتەقینە هەیە وەکوو بینا و خەســـڵەتەکانی دیکەی

---

[1]بروانە کەتەلۆگی پێشانگاکەی هونەرمەند (بیرەوەرییکانی لم)

ژینگە (...) ئەو پێیوایە مرۆڤ دەتوانێ یادەوەرییەکی تایبەتی وێنا بکا لەسەر ئەوەی کە لەوەپێش هەبووە (لەوەپێش دروستبووە)، بەمجۆرە بۆ نموونە کاتێک کە گوندەکان تەخت دەکرێن، ماڵ و بیناکان دادەرمێن (بەر ڕماندن دەکەون)، یان بە هۆی تۆڵەی شەڕەوە وێران دەبن، یاخود شارەکان دووبارە نوێ دەکرێنەوە و گەشەکردن و بووژانەوە ڕوودەدات ئەوا ئەو ژینگانە کە یادەوەرییەکانی تێدا دروستکراون (بەتایبەتی لە حاڵەتی یادەوەریی تراوما) کە لە ئەنجامی شەر و پێکدادان دروست دەبێت، ئەوسا بە تێپەربوونی کات شێوەیەکی دیکە وەردەگرن، نورا دۆخەکان زیاتر ڕوون دەکاتەوە لەوەی کە پێیوایە: ڕووداوێک یان شتێک پێویستە ڕووبدات بۆ ئەوەی شوێنەکە وەکوو شوێنێکی یادەوەری دەستنیشان بکرێت.[2] سەبارەت بە یادەوەریی تاک/ یادەوەریی بەکۆمەڵ دەڵێت: شوێنەکانی یادەوەری ناتوانن وەک یادەوەریی بەکۆمەڵ بەردەوام بن، ئەو لەم بوارەدا پشت بە نووسینەکانی (هالبارک) دەبەستێ کە ئەویش پێیوایە: نەک تەنها سروشتی یادەوەریی بەکۆمەڵ، بەڵکوو بە شێوەیەکی دیاریکراو لەسەر بنەمای زمانەوانیش بۆ ئەم بەکۆمەڵ بوونە پێویستە.[3] سەبارەت بە یادەوەری و چەمکی (پۆست یادەوەری)، هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی پشت بە نووسینەکانی ماریانا هێرش دەبەستێ کە پێیوایە: پۆست یادەوەری وەسفی پەیوەندییکی ئاڵۆز دەکات کە نەوەی لەدایکبووی پاش ڕوداوێکی تراوما دەگرێتەوە، ئەمانیش ئەزموونی بەکۆمەڵیان بۆ دروست دەبێت کە کاریگەری تراوماییەکی کولتووریان لەسەرە. بە بۆچوونی ماریانا هێرش ئەو کەسانەی کە ئەزموونی تراومای بەکۆمەڵیان بینیوە، وابەستە دەبن بە ژیانی منداڵ و نەوەکانی دیکەیانەوە، و ئەو جەمکە (پۆست نەوە)یشی پێدەگوترێ. دیسانەوە بە ڕای ماریانا هێرش: پۆست یادەوەری هاوتا (یەکسان) نییە بە یادەوەری، لێرەدا جیاکەرەوەیەکی ڕوون لەنێوان یادەوەرییەکانی یەکەم نەوە و پۆست یادەوەری و وەچەکانیاندا دروست دەبێت، ئەم ئەزموونانەی تراومای بەکۆمەڵ بە شێوەیەکی قووڵ و کاریگەر گواستراونەتەوە بۆ نەوەی دواتر، بەمشێوەیە لە پەیوەندی پۆست یادەوەری بە ڕابردووەوە زیاتر لەڕێگەی وەبەرهێنانی خەیاڵ و ڕێککەوتەوەیە وەک لە بیرکردنەوە.[4]

هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی خۆی پێیوایە کە تێگەیشتن و چوارچێوەی (سنوورەکانی) گواستنەوەی نێوان یادەوەریی کەس و یادەوەریی بەکۆمەڵ پێویستی بە تێگەیشتنی تەواوی هۆکاری پۆست یادەوەری هەیە. ئەو لەم بوارەدا دیسانەوە پشت بە نووسینەکانی ماریانا هێرش دەبەستی کە دەڵێت: پۆست یادەوەری وەسفی پەیوەندییەکی ئاڵۆز دەکات ئەوەیش ئەوەیە کە نەوەکانی لەدایکبووی پاش ڕووداوێکی تراوما دەبنە خاوەنی ئەزموونێکی بەکۆمەڵ، ئەمانیش دیسانەوە کاریگەری تراومای کولتووریان لەسەر دەبێت. **جان ئاسمان**یش جیاوازی و لێک جوداکردنەوە لەنێوان دوو جۆری بیرخەرەوەی بەکۆمەڵ دەکات، ئەوانەش یادەوەری پەیوەندی (اتصال) و یادەوەریی کولتوورین. یادەوەریی کولتووری بە ڕای **جان ئاسمان** بریتییە لە فۆرمێکی دامەزراوەیی (شکل مؤسساتي)،

[2] هەمان سەرچاوە. لاپەرە 5
[3] هەمان سەرچاوە. لاپەرە 7.
[4] هەمان سەرچاوە. لاپەرە 7و8.

بەجۆرێکی تر ئەمە یادەوەرییەکە لەنێوان گروپێک کە خاڵی هاوبەش و هەمان ناســـنامەی کولتووریان پێکەوە هەیە.[5]

بەمجۆرە هونەرمەند بۆ ڕێکخســـتن و نیشـــاندانی پێشـــانگاکەی خوێندنەوەیێکی بۆ زانســـت و تیۆری یادەوەری و تراوما هەبووە بۆ ئەوەی بتوانێ چ  مەتریاڵ و چ شێوە و ڕەنگێ بۆ ئەم چەمک و ناوەڕۆکانە



بەکاربهێنێ؟ بەشێوەیەکی دیکە بڵێم بۆ ئەوەی چۆن وەکوو پێشانگایەکی هونەری شێوەکاری هاوچەرخ هۆشـــمەندانە کارەکانی نیشـــان بدا،  ئەمەیش وەزیفە ســـەرەکییەکەی هونەرمەندی شـــێوەکارە کە لە فەیلەسوف و شاعیر و نووسەر جیای دەکاتەوە، بۆیە بیری هونەرمەند بۆ ژمارەیەک لە مەتریاڵ چووە وەکوو جلوبەرگ و لم و گوریس و بەرمیل و ئاســن و تەختەدار و کتێب و ڕەنگی ئەملشــن و ڕەنگی ڕۆنی و ماددەی غەرە، وەکوو شێوەیش هونەرمەند زیاتر شێوەی ئینستلەیشن و ڕەلیفێ هەڵبژاردووە کە دوو

7[5] بروانە کەتەلۆگی پێشانگاکەی هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی (بیرەوەرییەکانی لم) لاپەڕە.

شـــێوەی سێ ڕەهەندین یەکێکیان هاوچەرخە و ئەویدیکەیان کۆنە و لەگەڵ کولتووری میزۆپۆتامیادا دروستبووە، هەر دوو شێوکەش مامەڵە لەگەڵ ڕاوم (فەزا) دەکەن.





له مێژووی هونەری شـــێوەکاری نوێدا کەم نین ئەو هونەرمەندانەی کە (لم) یان خۆڵ یان قوڕیان بۆ کارەکانیان بەکارهێناوە. لەسـەرەتای سـەدەی بیسـت هونەرمەندی فەرەنسی- **ژۆرژ براک** George Braque بە (لم) و غەرە پانتایی کانڤازەکەی داپۆشیوە پیش ئەوەی ڕەنگەکانی لەسەر دابنێ و دەکرێ ئەو کارانەی براک وەکوو یەکێ لە سەرەتاکانی بەکارهێنانی مەتریاڵی نوێ بۆ هونەری شێوەکاری مۆدێرن بناسـێنین، لە پاش دووەمین جەنگی جیهانییەوە ژمارەی ئەو هونەرمەندانە زیادی کردووە کە (لم) یان خۆڵ یان قوڕیان وەکوو مەتریال بۆ کارەکانیان بەکارهێناوە، لەوانە هەردوو هونەرمەندی فەرەنسی— **جان فووتریر**Jean Fautrier، **جان دوبوفیە** Jean Dubuffet و هونەرمەندی ئەسپانی

**ئەنتۆنیۆ تاپییەس**، و ئەڵمانی **ئەنزلم کیفەر**Anselm Kiefer و ژمارەیەکی دیکە کە لە بواری تابلۆی هەڵگری مەتریاڵ، بەکاریان هێناوە. لە بواری ئینسـتلەیشــن و ئۆبجێکتیشــدا هونەرمەندی بە ڕەگەز جولەکە **میشا ئولمان** Micha Ulmann ، و **چیکی مەگدەلینا جەتەلۆڤا** Magdalena Jetelova و ئەمەریکی **ڤالتەر دی ماریا** Walter de Maria و ژمارەیەکی دیکەش. لە کوردســـتانیش جگە لە عەلی ڕەزا گەرمیانی هونەمەند **هێمن حەمید** لە کارێکیدا کە دیســـانەوە دەربارەی یادەوەرییە قوڕی وەکوو مەتریاڵ بەکارهێناوە و **نەرمین مستەفا**یش بۆ تابلۆ هەڵگری مەتریاڵەکانی لمی بەکارهێناوە.

لم و خۆڵ و قوڕ و بەرد چوار مەتریاڵی جیاوازن، بەڵام هەموویان سەر بە زەوین، زەویش مانای شوێن دەبەخشێ— و شـــوێنیش دانەبڕاو نییە لە مانای شـــوناس کە یەکێ لە مەبەســـتەکانی هونەرمەند لەم کارانەیدا دەیپێکێ لەوەی کە ئەو لەم پێشانگایەیدا دەیەوێ گوزارشت لە شوناسیش بکات و بە مەتریاڵی (لم) و جلوبەرگ و پێلاو و گوریس ماناکانی شـوناس بە شـوێن ببەسـتێتەوە، بەمەیش ویسـتوێتی ئەو تراجیدیایە نیشـان بدا کە تیایدا مرۆڤەکان بە زۆرەملێ و فشـار شـوێنی خۆیان بە جێهێشـتوە نەک بە ئارەزووی خۆیان کە لە ئەنجامدا دەبێتە گۆڕانێکی زۆرەملێیش بۆ ناسـنامە و شـوناسـیان کە هەتاکوو هەتا لە دونیای نائاگاییان دەمێنێتەوە.

زانای هونەری شێوەکاری ئەڵمان **مۆنیکا ڤاگنەر** Monika Wagner خۆڵ، لم ، بەرد وەکوو مەتریاڵی فەقیر وەسف دەکات و لە مەتریاڵی (لم) یان خۆڵدا توانایەکی گەورەرە بۆ هەڵگرتن و پاراستنی یادەوەری دەبینێ[6]. ئەم دوو سـیفەتەیش خاڵی جەوهەری لە مەبەسـتی بەکارهێنانی (لم) لای هونەرمەند **عەلی ڕەزا گەرمیانی** لەم کارانەیدا پێکدێنن، یەکەمیان ئەو مرۆڤانەی کە بوونەتە قوربانی ئەنفال و کۆمەڵکوژ کراون هەموویان مرۆڤی فەقیر بوونە، دووەمیش لە گەرمیـان لەگەڵ لم و خۆڵـدا ژیاون و ئەو دوو مەتریاڵە بەشـێک لە بیرەوەرییەکانیان دروسـتکردووە، هونەرمەند وێنەی لاشـەکانیان بە جلوبەرگ دروستکردووە بەو مەبەستەی کە جلوبەرگەکان بتوانن نوێنەرایەتی لاشەکانیان بکەن، بە شێوەیەکی تر

Monika Wagner: Das Material der Kunst.[6]

بڵێم بەو مەبەستەی کە جلوبەرگەکان بتوانن وێنەیەک بۆ بینەر بنێرن کە ئاماژە بۆ جەستەیەک بدات کە خۆی نەماوە، بەمجۆرە هونەرمەند لە ڕووداوەکاندا کاری هونەری هاوچەرخ پێکدێنێ، بە (لم) و جلوبەرگ و پێلاو و ئەو دوای مەتریاڵەکان شێوەی قەبریان بۆ دروست دەکات، ئەمە وەکوو دەربڕین و گەیاندنی وێنەی بە ئەنفالبوونیان، هەروەها جارێکی تر (لم) لە وێنەی جەستەیان و لە ڕۆحیان نزیک دەکاتەوە وەکوو ڕەمزێک یان هێمایەک بۆ ئەو جێگایانەی کە لێێ هەڵکەندراون، (هەرچەندە ئەو جێگاکانی دەستنیشان نەکردووە)، بۆ ئەوەی (لم) و بۆنی (لم) هەمیشە وەکوو بۆنی عەتر لەگەڵیان بێت، لەکاتی مردنیشیاندا ئەمە وەکوو خۆشەیستی هونەرمەند بۆ قوربانییەکان، لەلایەکی دیکەوە هونەرمەند وەکوو لە نووسینەکەیدا(Statement) ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ: کەرەستەی (لم)م بەکارهێناوە کە کەرەستەی پەیوەستە بە یادەوەریی شوێنی جینۆسایدکردن لە بیابانەکاندا. واتا بەکارهێنای مەتریاڵی (لم) لای هونەمەند عەلێ ڕەزا گەرمیانی مانای بیابانیش دەگەیێنێ کە ژمارەیەکی لە قوربانییەکان داپۆشیوە، ئەوانەیکە ڕاگوێزراونەتەوە بۆ بیابانەکانی عێراق و لەوێ مردوون[7].




[7]ئەم دیاریکردنەی جێگایە جیایە لەودیارینەکردنەی جیگا کە ڕووداوەکانی تیا ڕوویداوە، لەوەی یەکەم هونەرمەند ناوی شارێک یان شارۆچکەییک یان دێیەکی نەهێناوە..

هونەرمەند جلوبەرگەکانی لەگەڵ شـوێندا گونجانووە و دەڵێ: کارەکەم وێناکردنی یادەوەری و جلوبەرگی قوربانییەکانی جینۆسـایدی ئەنفالە لەڕێگەی فۆرمی هونەرییەوە، ئەمەیش بە ئامادەنەبوونی جەسـتە و شـوێن، بەڵام بە بەسـتنەوەی بە ئێسـتاوە.[8] لێرەدا من وا لەم چەمکەی (ئێسـتا) دەگەم کە هونەرمەند بەکاریهێناوە بۆ مەبەسـتی بەیادهێنانەوە یان بە ئێسـتاکردنی ڕووداوەکە، وەکوو لەسـەرەوە ئاماژەم پێیدا، واتا دانانی شـێوەی نوێ بۆ ڕووداوێکی ڕابردوو کە یەکێکە لە بنەماکانی کارکردنی هونەرمەند لەسـەر بابەتی یادەوەری. مەبەستی هونەرمەند لە (بە ئامادەنەبوونی جەستە و شوێن) وەکوو من لەم بیرۆکەیە دەگەم کە جلوبەرگەکان بتوانن گوزارشـت لە جەسـتەکان بکەن، لەبەر ئەوەی جەسـتەکان نەماون، هونەرمەند ویسـتویەتی بە جلوبەرگ و پێڵاوەکان وێنەیان بۆ دروسـت بکات، نەک وێنەی خۆیـان وەکوو هەبوون، بەڵکوو وێنەیـان لە کاتی فەنـابوونیـانـدا، لە کاتی لەنـاوچوونیـانـدا، بۆ ئەم مەبەسـتەیش لەمەکە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ. هونەرمەنـد چەمکی (بە ئـامـادەنەبوونی شـوێن)یش بەکاردێنێ، بەمەیش ڕەهەندی هونەری کارەکە قووڵتر دەکاتەوە لەوەی کە نەیویسـتووە ئاماژە بۆ شـوێنێکی دیاریکراو بکا، واتا نەیکات بە کارێکی واقیعی، بەڵکوو بە کارێکی هونەری کە خەیاڵ تیایدا ڕۆڵی خۆی ببینی، ئەمەیش بەشێکە لە لایەنە ئیستێتیکێکەی کارە هونەرییەکە.[9]

عەلی ڕەزا گەرمیانی کارەکانی بەسەر حەوشی باڵەخانەی پەرلەمان و هۆڵی چوونە ژوورەوەکەیدا دابەش کردبوو. لە حەوشی پەرلەمان کارە ئینستـلەیشـنەکانی دانابوو و لەناوەوەیش کارە ڕەلیفەکان و ئەو سێ کارەیشی_ کە لە قەبر دەچوون. ئەو ئەم سێ کارەی ڕاسـتەوخۆ بە جلوبەرگ و لم و گوریس و پێڵاو و کتێب لەسەر زەوییەکە دروستکردبوو، بە جۆرێ کە بینەران و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەبوایە سـەردانوێنەوە بۆیان لە کاتی تەماشـاکرنیان. کارە ئینسـتلەیشـنەکانی دەرەوە یەکێکیان لە شـێوەی دوو بەرمیلی نەوت بوون کە سـەرمەقولانج بە بەرزی دەوری سێ مەتر دایانی نابوو وەکوو پەیکەرێکی نوێ کە وێنەی هاتنەخوارەوەی بە لێشاوی جلوبەرگ نیشان ئەدا کە لە شێوەی لێشاوی هاتنەخوارەوەی نەوت دەچوو، لەم کارەدا هونەرمەند جلوبەرگە بە ڕەش ڕەنگ کراوەکانی لە خوارەوە بە زەوییەکەوە بەسـتبووەوە بۆ ئەوەی بەرمیلەکان لە ئاسمان بوەسـتن. لە دوو ئیشـەکەی دیکەیدا جلوبەرگەکان بە جۆرێکی تر بەکارهێنرا بوون، لە یەکێکیاندا جلوبەرگەکان لە خوارەوەی دارێکی وشک لە سەر زەوییەکە دانرابوون و هەندێکیانیشی_ بە سـەرووی دارەکەوە بەسـتبووە و با ئەیشـەکاندنەوە بۆ ئەوەی وێنەی بەجێماویی و جێهێشـتن بە بینەر ببەخشـن. بۆ سـێهەم کاری ئینسـتلەیشـنەکان هونەرمەند ئاڵای کوردسـتانی لە شـێوەیەکی خڕ بە جلوبەرگ دروسـت کردبوو و پاشـان بە چوار ڕەنگی سـوور و سـپی و زەرد و سـەوز ڕەنگی کردبوون بۆ ئەوەی لە ئاڵای کوردسـتان بچێ. ئەو بۆ کارەکانی ناوەوەی باڵەخانەی پەرلەمان کە بە (لم) و گوریس و غەرە و ڕەنگی ڕۆنی مامەڵەی لەگەڵ جلوبەرگ و پێڵاوەکان کردبوو، وەکوو بەسـتنەوەیان بە زەوییەوە بە گوریس بۆ ئەوەی وێنەیەک دروسـت بکات کە لە قەبر بچێت،

[8]1. هەمان سەرچاوە. لاپەرە

[9]من لێرەدا چەمکی (ئێستەتیک)م بەمانای (جوانی) بەکارنەهێناوە.

چەند قەبرێک کە بە توندی بە زەوییەوە بەستراونەتەوە، لە کاتێکدا بۆ کارە ڕەلیفەکانی جلوبەرگەکانی لەسەر تەختەداری گەورە بە غەرە چەسپاندبوو، پاش ئەوەی تەختەدارەکەی بە ئاسن بەستبووە بۆ ئەوەی توند بووەستن، جلوبەرگ و پێڵاو و لمەکانی بە سەر ماددەی هەڵگری کارە ڕەلییەفەکانیەوە (تەختەدارەکە) دانابوو و بە ماددەی غەرە تێکەڵی کردبوون و ڕەنگی ڕۆنیشی بە شێوەیەک بەکارهێنابوو کە وێنەی لاشەی ئینسان لە کاتی مردندا بە جلوبەرگەوە بە بینەر بگەیەنێ، واتا وێنەی ئەو جۆرە مردووانە بگەیەنن کە کۆمەڵکوژ کراون، ئەو گونجانێکی بە جلوبەرگ و لم و پێڵاوەکان دابوو بە جۆرێ کە بتوانێ هەستی لەناوچوونی جەستەی قوربانییەکان نیشان بدا، ئەمەیش ئەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی هونەرمەند بۆ ڕەنگی ڕۆنی کە لە بنەڕەتدا بۆ تابلۆ بەکاردێ.  لە یەکێ لە کارە ڕەلیفەکان هونەرمەند پارچە لانکێکی بەقەراغی کارەکەیەوە چەسپاندبوو وەکوو ئەوەی لەلایەکەوە نیشانیدا کە لەناو قوربانییەکاندا منداڵیشیان تیابووە و لەلایەکی دیکەیشەوە وەکوو ئاماژە بۆ کاتی منداڵی خۆی کە بەشێکە لەم بیرەوەرییانە.





بینەری هۆشمەند ئەیتوانی هەستی خۆشەویستی لەو وێنانە بەدی بکا کە لە شێوەی ڕەلیف نیشاندرابوون ئەمەیش لەپاڵ هەستی غەم و دڵتەنگیدا وەکوو هاوتایەک بۆ کارە هونەرییەکان، چونکە ئەو کاری هونەی لە ڕووداوەکان دروستکردووە نەوەک نیشاندانی ڕووداوەکان دەقاودەق وەکوو خۆیان، ئەمەیش بەشێ بوون لەو دەربڕینانەی هونەرمەند کە بە هۆی وردی بەکارهێنانی جلوبەرگەکان و تێکەڵکردنیان بە لمەکان و ڕەنگە ڕۆنییە زەردەکە کە ڕەهەندێکی ڕەسمکردنیشی- بە بینەر دەگەیاند. کارە ڕەلیفەکان ئەو هەستەیان بۆ بینەر دەنارد وەکوو ئەوەی کە جەستەی قوربانییەکان هێواش هێواش بەرەو لەناوچوون ئەڕۆن، بەرەو مردن ئەڕۆن، هەستیاری بەکارهێنانی هونەرمەند بۆ بەکارهێنانی (لم) و ڕەنگەکان یارمەتی دەدا بۆ گەیاندنی هەستی بەرە بەرە لەناوچوونیان، ئەمەیش وەکوو دەرخستن و نیشاندانی سۆز بۆ کەسە لەناوچووەکان، وەکوو ئەوەی بڵێ سەرەڕای ئازار و تراجیدیای کارەساتەکە، بەڵام ئێوە جوان مردوون، بە کەرامەتەوە مردوون، دیسانەوە دەبن بە زەوی و دیسانەوە نەوەی نوێ و ژیانی نوێتان لێ بەرهەم دێت، هونەرمەند ویستوویەتی وێنەی مردن و ئیحساسی دوبارە لەدایکبوونەوەی (قوربانییەکان) بە بینەر ببەخشێ- لەوەی کە ڕەنگەکان هەستی



لاوانەوەیان بۆ بینەر دەنارد. بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لەم کارەی هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی بە پێویستی دەزانم لێرەدا نووسینەکەی خۆی(Statement) بنووسمەوە:

"بیرەوەرییەکانی لم، وێناکردنی یادەوەری کارەساتی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کوردە، کە بە لێشاو و بەکۆمەڵ لە بیابانەکانی خوارووی عیراق، لەنێوان ساڵانی١٩٨٧- ١٩٨٨ بە زیندووی بۆ ژێر لم زیندەبەچاڵ کران. لە کارەکەمدا بۆ دووبارە وێناکردنەوەی هەمان ئەو شوێنەی کە کارەساتەکەی تێدا ئەنجام دراوە [...] بەڵام هەندێک گۆڕان یاخود جیاوازی بەدی دەکرێت لە کارەکەمدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان کارەکەمم گرێداوە بەو ژینگەیەی کە پرۆسەی ئەنفالی تێدا ئەنجامدراوە، بۆ ئەم مەبەستەیش لم و جلوبەرگم، وەک کەرەستەی شوێن بەکارهێناوە، کە ئاماژەن بۆ ئەمان و لەناوچوونی جەستەی قوربانیان، ئامانج لەم کارەم بەبیرهێنانەوەی ئەو تاوانەیە کە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دراوە و هەروەها بەستنەوە و ئاشناکردنی نەوەی دوای تاوانی جینۆساید، هەڵبەتە ئەمەش بەئامانجی بەرگرتن لە حاڵەتی لە بیرچوونەوە لە نێوانیاندا، هەروەها بەستنەوەی ڕابردوو بەئێستاوە لەڕێگەی ئەم کارە هونەرییانەی دروستم کردوون".[10]



[10]بروانە دەقی نوسراوەکەی هونەرمەند دەربارەی  پێشانگاکە (بیرەوەرییەکانی لم)

نیشاندانی ئەم پێشانگایەی **عەلی ڕەزا گەرمیانی** لەناو باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان هەندێ ئەشکالیەتی لێکەوتەوە، لەوەی کە پەرلەمانی کوردستان هۆڵێک یان جێگایێک نییە بۆ نیشاندانی پێشانگای هونەری، بەڵکو جێگایەکی سیاسییە، هەر بۆیە لە ڕۆژی ٢٣ی مانگی چواری هەمان ساڵ پانێڵێکی تایبەت بۆ پێشانگاکەی لەلایەن سەنتەری ئاڵا لە هەولێر ڕێکخرا کە تیایدا ئامادەبووان توانیان پرسیار و بۆچوون و ڕەخنەکانیان ڕاستەخۆ ئاراستەی هونەرمەند بکەن. لە پانێلەکەدا هونەرمەند ئاماژەی بۆ ئەو کارەی هونەرمەندی ئەڵمانی **هانس هاکە** Hans Haacke کرد کە لەناو پەرلەمانی ئەڵمانیادا لە بەرلین زیاد لە بیست ساڵ لەمەوپێش نیشانی دا، بۆ ئەوەی بە ناڕاستەوخۆ ئەوە بگەیەنێ کە یەکێ لە مەبەستەکانی ئەو لەم نیشاندانە ڕەخنەیە لە پەرلەمانتارانی کوردستان، لەوەی کە ئەوان ئەو کارەساتەیان لە بیرچووەتەوە، هەر بۆیشە یەکێ لە مەبەستەکانی هونەرمەند لە نیشاندانی ئەم کارەی لەناو ساختمانی پەرلەمانی کوردستان ئەوەبوو کە بتوانێ ئەو تراجیدیایە بهێنێتەوە یادی ئەندامانی پەرلەمانیش و وێنەی ئەو کارەساتەیان لێ نزیک بکاتەوە، ئەمجارەیان نە بە شیعر و نە بە نووسینێکی سیاسی تەنانەت نە بە کارێکی هونەری تەقلیدی، بەڵکو بە چەند کارێکی هونەری شێوەکاری نوێ.



مانگێک و بیستویەک ڕۆژ پاش پێشانگاکەی (بیرەوەرییەکانی لم) واتا لە ١٢ تاکو ٢٤ی مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ هونەرمەند **عەلی ڕەزا گەرمیانی** لە گەلەری میدیای هەر لە شاری هەولێر پێشانگاییکی دیکەی وەکوو بەردەوامی بۆ پێشانگاکەی (بیرەوەرییەکانی لم) نیشاندا کە دیسانەوە بە ڕادەی یەکەم جلوبەرگی تیادا بەکارهێنابوو. ئەمجارەیان پێشانگاکە لە یەک کاری هونەری پێکهاتبوو کە دیسانەو دەربارەی بابەتی یادەوەری بوو، بەڵام ئەم جارەیان لە ژێر دوو ناونیشاندا، یەکێکیان (**لاوانەوە** Mourning) وەکوو ناونیشانێ کە ناوەڕۆکی کارە هونەرییەکە دەپێکێ و ئەوەویدیکەش شەشپاڵوویەکی ڕەش Black Cube کە شێوە و ڕەنگی کارە هونەرییەکە دەپێکێ. هەرچەندە پێشانگاکە لە یەک کاری هونەری پێکهاتبوو، بەڵام هونەرمەند لە دوو شێوە ڕەشی گەورە نیشانیدابوو، هەر دوو شێوە ڕەشەکە لە ژێرەوە بە جلوبەرگ بەیەکەوە بەسترابوونەوە، یەکێکیان لە چەشنی شەشپاڵوویەکی

(مكعب cube) ڕەشی گەورە کە تاکو بنمیچی هۆڵەکە بەرز بوو، لەسەر شێوەیەکی خڕی دیسانەوە گەورە دانرابوو. هونەرمەند هەر دوو ئەم شێوە گەورانەی بە جلوبەرگێکی زۆر داپۆشیبوو. بە جۆرێکی دیکە بڵێم ئەم پێشانگایەی هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی پێکهاتبوو لە ئینستلەیشنێکی گەورە لە شێوەی تەجریدێکی ئەندازیاری تەلارسازی. هونەرمەند بەم کارە ناوەڕاستی هۆڵەکەی تەواو داگیرکردبوو وەکوو مەبەستی خۆی بۆ ئەوەی ئامادەبووان بتوانن بە دەوریدا بسووڕێنەوە یان لە چەند لایەکەوە بەرانبەری بووەستن و بین بە بەشێ لە ناوەڕۆکی کارە هونەرییەکە، ئامادەبووان بەردەوام گوێیان لە کۆمەڵێ دەنگ دەبوو کە لەناو شێوە شەشپاڵووەکەدا دەهاتە دەرەوە، دەنگەکان لە دەنگی



تۆپ و تەیارە و قیژاندن و لاوانەوەی پێکهاتبوون کە هونەرمەندی سینەما ئیبراهیم ڕەمەزان دیزاینی کردبوو وەکوو ئاماژە بۆ دەنگی مرۆڤەکان کە خۆیان نەماون، بەم شێوەیە هونەرمەند جگە لە جلوبەرگ ئەمجارە دەنگیشی- وەکوو مەتریال بۆ کارەکەی بەکارهێنا بوو، هەر بۆیشە ئەکرێ بەم کارە هونەرییە بڵێن کارێکی ئەودیۆڤژوەڵ Audiovisuell، واتا کارێکی هونەری کە هەم بۆ بینین و هەم بۆ گوێگرتنیش دروست کراوە.

شێوە شەشپاڵووە ڕەشە گەورەکە بە ئاشکرا وێنەی کەعبەی بە بینەران دەبەخشی- کە هونەرمەند دەیەویست ئاماژەی بۆ بکا، هەر وەکوو خۆی لە نووسینەکەیدا دەڵێ: "بۆ نموونە بەکارهێنانی سورەتی "ئەنفال" وەک دەقێکی ئاسمانی ئایینی و لەهەمان کاتدا وەک ئامرازێک بۆ قڕکردنی منێکی موسڵمان،

بۆیە مەبەستمە وێنەی ئەم یادەوەرییە پڕ لە زەبروزەنگە لە فۆرمێکی هونەری هاوچەرخدا بەرجەستە بکەم."[11] لەبەر ئەوەی هونەرمەند خۆی نزیکبووە لە ڕووداوەکان بۆیە ئەو بەو فۆرمە هونەرییەی گوزارشتی لە خودی خۆیشی کردووە، ئەمەیش ڕەهەندێکی سوبجێکتیڤیتی (خودی/زاتی) بە کارە هونەرییەکە بەخشیوە، واتا ئەو فۆرمە هونەریەی کە هونەرمەند بەکاریهێناوە فۆرمێک نییە کە تەنها بۆ گەیاندنی بیرۆکەکەی بەکاریهێناوە، بەجۆرێکی تر بڵێم ئەو فۆرمە هونەریەی هەر دوو بواری خودی و بابەتی (سوبجێکت و ئۆبجیکت) ی لە خۆ گردووە و ئەیشکرێ ئەم قسەیە بۆ پێشانگاکەی (بیرەوەرییەکانی لم)یش بەکاربهێنین.

لەم پێشانگایەیدا هونەرمەند تەنها بە ڕەنگی ئەمۆلشنی ڕەش مامەڵەی لەگەڵ جلەکان کردووە بێ ئەوەی فڵچە بەکاربهێنێ، بەڵکوو بە ئامێرێکی کارەبایی ڕەنگە ئەملشنەکەی لە چەشنی سپرێ بە سەر جلوبەرگەکاندا بڵاوکردووەتەوە، ئەکرێ ئەمە وەکوو بەشداریکردنی تەکنەلۆژیا لەم کارەدا ببینرێ، بەمجۆرە گشت جلوبەرگەکان ڕەش دەرکەوتوون بۆ ئەوەی هەستی تاکەکەس بە بینەر نەگەیەنن، بۆ ئەوەی مردنی قوربانییەکان وەکوو یەک دەرکەون، مردنی هیچیان لەوەکەی دی باشتر نەبێ، بەمەیش



[11] بەشێ لە نووسراوێکی هونەرمەند دەربارەی کاری (لاوانەوە).

هونەرمەند ئەو هەستە دەنێرێ کە ئەم مرۆڤانە لەلایەن دەسـەڵاتێکی دڕندەوە بێ جیاوازی کۆمەڵکوژ کراون.

هونەرمەنـد جلوبەرگەکـانی (وەکوو هێمـا بۆ ڕۆحی مرۆڤەکـان) بە جۆرێ بەکـارهێنـاوە کە وێنەی خۆهەڵواستن بە شێوە شەشپاڵووەکەوە بگەیەنن، بەمەیش جلوبەرگەکان ئەو وێنەیە بۆ بینەر دەنێرن وەکوو ئەوەی کە ڕۆحی قوربانییەکان پێخەی کەعبەیان گردبێ و بەرینەدەن، تاوانەکە بخەنە ئەستۆی کەعبەیش وەکوو هێمـایێک بۆ ئەو دینەی کە بکەری تـاوانەکان ئیمـانیـان پێی بووە. ئەو شـێوە شەشپاڵووە گەورەکەی ڕاستەوخۆ لە سەر شێوە خڕە گەورەکە داناوە کە ئەمەیانی تەنها بە جلوبەرگ دروسـت کردووە و دیسـانەوە بە ڕەنگی ڕەش داپۆشـیوە، لە کاتێکدا ئاسـنی بۆ ڕاگرتنی شـێوە شەشپاڵووەکە بەکارهێناوە، لێرەیشدا جلوبەرگەکان دیسانەوە ئاماژەن بۆ مرۆڤە لەناوبراوەکان، بۆ ڕۆح و جەسـتەی قوربانییەکان، ئەم دوو جۆرە ڕۆحانە (ئەوانەی قەد شـێوە شـەشـپاڵووەکە و ئەوانەی کە شـێوە خڕەکەیان پێکهیناوە) لە دوو ڕیتمی جیادان. بۆ بینینی من وێنەی ئەم جلوبەرگانە لە قەد ئەم دوو شێوە گەورەیە وەکوو وێنەی دوو جۆرە حەشاماتی جیا جیا دەردەکەون، یەکێکیان هەستی چالاکی دەبەخشـێ و هەڵمەت دەبـات و ئەوانی دیکە لەسـەر زەوی کەوتوون، یـان بەدەوری کەعبەدا دەسـووڕێنەوە (وەکوو شـێوە خڕەکە هێمای بۆ دەکا) هەر چەندە هەر دوو جۆرە ڕۆحەکان لەیەک جێگان، لەنـاو یەک کـاری هونەرین، لەنـاو یەک ڕاوم (یەک فەزان)، بەڵام یەکێکیـان ئەو وێنەیە دەبەخشێ۔ کە بە لەش مردوو و بە ڕۆح زیندوو و ئەویدکە وێنەیەکی دیکە دەبەخشێ۔ کە بە لەش و بە ڕۆح مردوو، لەمەیشـدا دەنگەکانی ناو شـێوە شـەشـپاڵۆکە ڕۆڵی کوشـندە دەبینن لە زیندووبوونی ڕۆحی مرۆڤەکان.



هونەرمەند مەبەســـتی بووە ئەم کارە و بینەرەکانی بهێنێتە ناو هۆڵێکەوە، ناو ڕاوەمێکی داخراوەوە بۆ ئەوەی لە یەکیان نزیک بخاتەوە، بۆ ئەوەی کارەکە وەکوو کارێکی زەبەلاح بهێنێتە پێش چاوی بینەران، لە حـاڵەتێکـدا ئەگەر ئەم کـارە لەنـاو ڕاوەمێکی (فەزایەکی) داخراو نەبووایە ئەگەری زۆر هەبوو کە بینەرەکان هێندە لە نزیکەوە کارەکەیان نەدیبایە و هەنـدێکیان بە تەکیدا ڕەت بوونایە، ئەوکات کاریگەری کارەکە لەســەر بینەر جۆرێکی تر دەبوو، هەندێ لە ماناکانی دەگۆڕدران، ئەوســا ئەم دوو شــێوەیە (شــەشــپاڵووەکە و خڕەکە) هێندە زەبەلاح و کاریگەر لە پێش چاوی بینەر دەرنەدەکەوتن، بەمجۆرە شــێوەی کـارەکە زەبەلاح دەرکەوتووە لەبەر ئەوەی لەنـاو ڕاوەمێکی (فەزایەکی) داخراودا نیشاندراوە کە مەودای نێوان کارەکە و بینەرەکانی کورت کردووەتەوە.

جلوبەرگ یەکێکە لەو مەتریـالانەی کە هەنـدێ هونەرمەنـدانی پـاش دووەمین جەنگی جیهـانی لە کارەکانیاندا زیاتر وەکوو ئاماژە بۆ جەستە لە بابەتی یادەوەری و بە بیرهێنانەوە بەکاریانهێناوە کە هەمان مەبەســـتی عەلی گەرمیانییە لەم کارەیدا، لەو ڕووەوە زانای هونەری ئەڵمانی مۆنیکا ڤاگنەر باس لە ماناکانی جلوبەرگ لە کاری هونەری هاوچەرخ دەکا وەکوو شاهید بۆ جەستە، وەکوو جێ پێی جەستە، وەکوو پەنجەمۆری جەسـتە و دەڵێ: جلوبەرگ شـاهید و جێ پێ و پەنجەمۆرێکی ڕەسـەنە بۆ جەسـتە و دەتوانن زۆر باش گوزارشـــت لە جەســـتە بکەن، لەبەر ئەوەی ئەمە جەســـتەیە کە جلوبەرگ لە بەردەکات. [12] بە واتایەکی دی ئەمە جلوبەرگە کە لەش دائەپۆشێ. ڤاگنەر باس لە جلوبەرگ لە میانی کارەکانی هەر دوو هونەرمەندی ئیتالی **میشـیلەنجەلۆ پسـتۆلیتۆ** Michelangelo Pistoletto و فەرەنسی_ **کرســتیان بۆڵتەنسـکی** Christian Boltanski دەکات کە لە کۆنتێکســـتی جیاجیادا لە



[12] Monika Wagner: Das Material der Kunst.

کارەکانیاندا بەکاریان هێناوە، بەڵام ئەگەر کارەکانی عەلی ڕەزا گەرمیانی بە کاری ئەم دوو هونەرمەندە ناوبراوانە بەراورد بکەین، دەبینین ئەم کارەی عەلی ڕەزا گەرمیانی زیاتر لە کارەکانی بۆلتەنسکیەوە نزیکە وەک لە پستۆلیتۆ، لەبەر ئەوەی بۆلتەنسکی لە هەندێ کاریدا جلوبەرگی بۆ دەربڕین لە کۆمەڵکوژی جولەکەکان بەکارهیناوە. هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی خۆیشی ـ ئاشنایە بە کارەکانی ئەم دوو هونەرمەندە بۆیە ئەو لەم کارەیدا بە ئاگادارییەوە و بە جۆرێکی تایبەت جلوبەرگی بۆ ئەم بابەتەی خۆی بەکارهێناوە. ئەو لە بەشێ لە نووسراوەکەیداStatement دەربارەی ئەم کارەی دەڵێ: "لەم کارەمدا لەرێگەی بەکارهێنانی مەتریاڵی جیاوازەوە وەک جلوبەرگ و شتی تر هەوڵمداوە گوزارشت لەو یادەوەرییە تاڵانە بکەم کە لەرێگەی ئەوەی تروەوە کە کۆمەڵگا و تاکەکانی لە ژینگە ڕاستەقینەکەی خۆی دابڕاون، بۆیە ئەم کارە گوزارشت لە یادەوەری پڕ زەبر و زەنگ و لە دەستدان دەکات.

لە کۆتایدا هونەرمەند بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەی سوپاسی تیمێک دەکات کە لە سەرەتای پێشانگاکەی (بیرەوەرییەکانی لم) تاکو کۆتایی پێشانگای (لاوانەوە) لەگەڵیدا هاوکار بوون لەوانە: ڕەوا ئەحمەد، ئاریان ڕەفیق شوانی، ئاڤێستا ڕەفیق شوانی، ئاریاس رزگار، مەگروون مەعرووف، نزار خۆشناو وەکوو یاریدەدەری هونەرمەند بۆ جێبەجێکردنی هەر دوو پێشانگاکەی. یاسر ئەحمەد وەکوو دیزاینکردنی کەتەلۆگی پێشانگای (بیرەوەرییەکانی لم). (سەنگەرحەسەن)یش وەکوو بەڕێوەبەری جێبەجێکەری کارە هونەرییەکە لە پێشانگای (بیرەوەرییەکانی لم). بەشدار قادر، ئاشتی عەدۆ وەکوو دوو هاوکاری گرینگی هونەرمەند لە پێشانگای (لاوانەوە). هونەرمەندی بواری سینەما ئیبراهیم ڕەمەزان دانەری دیزان بۆ دەنگەکانی ناو شێوە شەشپاڵووەکە لە پێشانگای (لاوانەوە). هەروەها نووسەری ئەم دێڕانە وەک ناساندنی کارەکە لە گەلەری میدیا لە کاتی کردنەوەی پێشانگاکەدا.

سەرچاوەکان:

1 . روونکردنەوەییک لە شێوەی Statementکە هونەرمەند خۆی دەربارەی هەردوو پێشانگاکەی بە زمانی کوردی وئینگلیزی نوسیوێتی.

2 . کەتەلۆگی پێشانگاکەی (بیرەوەرییەکانی لم Memory of the sand)

Monika Wagner: Das Material der Kunst.Münhen.2011. مۆنیکا ڤاگنەر: مەتریاڵی کاری هونەری